

بەکر دەروێش

# کوردێک گورگ خواردی

## کوردێک گورگ خواردی

مێژووی گەرمیان سەربردە و حیکایەتگەلێکی عەنتیکە و مەتەڵی سەیر سەیری تێدایە، لە یەکێک لەو مەتەڵانەدا هاتووە، سەردەمانێکی پێش ئێستا نە زۆر دوور و نە زۆر نزێک، لە یەکێک لە شارەکانی گەرمیاندا کوردێک دەبێت ناوی کوردە گوێ رووت دەبێت، ئەم کوردە، جیرانێک و دۆستێکی دەبێت، بە هاوماڵەکەی دەڵێت ئەسمەری




100

برام و بە دۆستەکەشی دەڵێت دۆستە چاوشینەکەم، ئەم کوردە زۆر دڵی بەم دۆست و جیرانەی خۆش دەبێت، زۆر جار لە دڵی خۆیدا دەڵێت: تەواو مادامێک ئەم دۆست و هاومالەم هەیە ئیتر ترسی هیچم نییە، رۆژێکیان هەرسێکیان تەگبیر دەکەن و دەچن بۆ راو، کابرای ئەسمەر گوریسێک و تەورێک و برێک شمەک لەگەڵ خۆیدا دەبات، کابرای چاوشینیش تفەنگ و جبەخانەی خۆی هەڵدەگرێ و سواری ئەسپی خۆی دەبێت و دەڕوات، ئەوەی دەمێنێتەوە کوردەی گوێ رووتە، ئەم کوردە لە دڵی خۆیدا دەڵێت، زۆر باشە مادامێک جیرانە خۆشەویستەکەم تەور و گوریس و شمەکی هێناوە من ئەمانە نابەم، مادامێک دۆستە چاوشینەکەشم تفەنگ و جبەخانەی هێناوە ئەوانەش نابەم، بەم شێوەیە سەڵت و قوڵت تەکیان دەکەوێ، دوای ئەوەی دەگەنە نێو دارستانێک بار و بنەی لێ دەخەن و دەکەونە راووشکار، لە پڕ گەلەگورگێکیان لێ پەیدا دەبێت و پەلاماریان دەدەن، کابرای چاوشین دوای ئەوەی چەند تەقەیەک دەکا و چەند گورگێک دەکوژێ سواری ئەسپی خۆی دەبێ و بۆی هەڵدێ، لەم کەین و بەینەدا دراوسێ ئەسمەرەکەش گوریسەکەی هەڵدەداتە سەر لقەدارەکە و خۆی پێدا هەڵدەواسێ و سەردەکەوێتە بان دارەکە، ئەوەی لەو نێوەدا دەمێنێتەوە تەنیا کابرای کوردە دەبێت کە گورگ دەیخوات٠

## چرا و شەو

رۆمانێکم لە بەردەستدا بوو خەریکی خوێندنەوەی بووم، بۆ ئەوەی باشتر وشەکان ببینم مۆمێکم داگیرسان و دڕم بە تاریکی شەودا، شەو تووڕە بوو گوتی: ئەم مۆمە چییە دات گیرساندووە، بۆ حورمەتی رەشپۆشیم ناگری؟ بە سەرسڕمانەوە لێم پرسی: ببورە خوا نەخواستە خۆ هیچ نەبووە؟ گوتی: مەگەر نابینی مانگ مانی گرتووە و هەڵنایەت، دنیا تاریکەشەوە و منیش رەشم پۆشیوە؟ بۆیە زۆر داوای لێبووردنم لێ کرد، من حەز ناکەم هیچ کەسێکم لێ زیزبێت، بۆ ئەوەی شەویشم لێ زیز نەبێت، مۆمەکەم کوژاندەوە و چرایەکم داگیرسان.

## گەڕان بەدوای چیرۆکدا

سەرەوخوار دادەگەڕێم، خەڵکانێکی زۆروزەوەند بەملا و بەولامدا تێ دەپەڕن، بەدوای چیرۆکێکی نوێدا دەگەڕێم وەک ئەوەی چیرۆک لە دووکانەکاندا بفرۆشرێت، وشەکان رێک دەخەم، دەیانگۆڕم، دووبارەیان دەکەمەوە، بیروهۆشم لێم یاخی دەبن، دوور دەفڕن، هەست

دەکەم بیروهۆشی کەسێکی تر دێتە سەرمەوە، سەرەوخوار دەڕۆم و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بەملا و بەولامدا تێ دەپەڕن، لە شووشەبەندی بارەکەدا وێنەی خۆم دەبینم، بزەیەک لەسەر لێوانمە، لەو دیوەوە کۆمەڵێ بوتڵی بیرە دەبینم، لە وێستگەی پاسەکان کۆمەڵێ خەڵک چاوەڕێیانە، لە قوڵی راستمەوە دوو کیژۆڵە تەماشای کۆگایەکی فرۆشتی جلوبەرگی ژنانە دەکەن، لە لای چەپیشمەوە ژنێک لە نێو سەیارەیەکەوە سەیرم دەکات، ژنەکە تەمەنی دەوروبەری سی ساڵێکە، تۆزێ هەنگاوەکانم هێواش دەکەمەوە، هەر سەیرم دەکات، منیش سەرەو خوار دەڕۆم و بەدوای چیرۆکێکی تازەدا دەگەڕێم، وەک ئەوەی چیرۆک لە دووکاندا بفرۆشرێت؟ بۆ نا ئەی ئەوە نییە هەموو شتێک لە بازاڕدا دەفرۆشرێت.

## خەیاڵ

سبەینانێک زوو لە خەو رابووم و لە خەیاڵێکدا خۆمم دیتەوە، بینیم توێشووی ئۆغری هەڵگرتووە و بەنیازی سەفەرە، پێم گوت: هاوڕێ روحی من جامێ ئاوی خۆشەویستییە دەیرێژمە پشتی هەنگاوەکانی ئەم ئۆغرەت، ئۆغر؟ ئەویش جانتاکەی دانا و لەسەرخۆی گوتی : هاوڕێ زوڵمیان لێ کردم، ئەگینا کەی من باسی سەفەر و ئۆغرم بوو، کەی من باسی کۆچی یەکجاریم بوو؟ منیش گوتم: هاوڕێ ئەگەر تۆ بڕۆی رەونەقی هەموو شتەکان کاڵ دەبێتەوە، تۆزێکی زەردباو دەنیشێتە روحمانەوە، من ناتوانم ماڵئاواییت لێ بکەم، ئەویش گوتی: بەڵام من ناچارم ماڵئاواییت لێ بکەم، کە لەو خەو و خەیاڵە رابووم، لە گەراجی شار چاوەڕێی بووم تا پێکەوە سەفەر کەین.

## بۆنی باران

پیاوێک لە دڵی خۆیدا گوتی: تەمێک کە لە دووکەڵی جگەرە دەچێت بەسەر بینایی چاوەکانمەوە گەواڵە دەکات، ترسێک بەسەر زمانمەوەیە مەلاژووی کردووم بە پەلاس و مێشکم پڕە لە پرسیاری یاساغ، لە کوێستانی روحیشما بەفرێکی کلۆ کلۆ دای داوەتە بارین، ژنێکیش کە گوێی لێ بوو گوتی: رۆژگارێکە تەمی هەناسەم بۆنی کڕوزی لێ دێت، خۆیشم بوومە بە تارماییەک و بە دوای پیاوێکی تۆقیودا رادەکەم، دڵم پڕە لە جریوە و حەسرت، لە کوورەی روحیشما گڕی حەزێک هەڵی کردووە بە بەفرێکی کلۆ کلۆ نەبێت ناکوژێتەوە.